خەجیج:

"هەر سبەینێ..."

حەمەد:

"دە ڕۆژی دیکە..."

خەجیج:

"دەترسم."

حەمەد:

"وەختێك نایب حەسەن لە چوکووراوایە, لە هیچ شتێك مەترسە. ئەمن تەنیا پەرۆشی دایکممە, خوا دەزانێ عەبدی چ بەڵایەکی بەسەر دێنێ."

"ئێستا کە نایب حەسەن لەوێیە, دایکیشت حەتمەن دێ."

حەمەد:

"سبەینێ خۆی لەبەر پێیان داوێم, لەبەری دەپاڕێمەوە. دەڵێم هەتا نایب حەسەنمان هەیە, نابێ لە هیچ بترسی... بەڵکوو ڕازییشی بکەم..."

خەجیج:

"ئەمن دەترسم... لە عەبدی دەترسم. خوشکەزاکەی شەو و ڕۆژ لەماڵی ئێمە دایە... هەمیشە لەگەڵ دایکم سرت و خورتیەتی... دوێنێ نا پێرێ..."

حەمەد:

"دە ڕۆژی دیکە... ڕۆژی یازدەهەم... تۆ و من و دایکم... شەوێك... بە بیابانان دا... دەگەینە چوکووراوا... دەڵێم نایب حەسەن, ئێمە هاتین... لە سەیران وشك دەبێ... زۆریش خۆشحاڵ دەبێ..."

"حەتمەن خۆشحاڵ دەبێ... ئەمن دەترسم."

ماوەیەکی زۆر قسەیان نەکرد, تەنیا دەنگی هەناسەیان دەهات. سیسرە دەیان خوێند.

"ئەمن دەترسم."

حەمەد:

"نایب حەسەن زۆری پێ خۆش دەبێ, لە دایکم دەترسم."

حەمەد سەرەگێژەیەکی گرتبوو, چۆن؟ دنیا بە دەوری دا دەسووڕا... شتێك وەك پریشکێکی زەرد کە لە خۆرەتاو جیا بووبێتەوەو بسووڕێ و پریشکان باوێ, لە سەری دا دەگەڕاو دەگەڕا:

"ڕۆژی دەهەم تەواو بێ, ڕۆژی یازدەهەم... لێدە بڕۆ..."

خەجیج کچی وەسمانە. وەسمان پیاوێکی لەسەرەخۆو ئارامە کە کاری بە کاری کەس نیە.

بەڵام دایکی خەجیج... دایکی بەڵایەکە, هەر مەپرسە... لە نێو دێ دا لە هەر جێیەك هەرایەك ساز بێ, لە هەر جێیەك دەمەقاڵەیەك هەبێ, دایکی خەجیج لەوێیە. کەڵەگەت و بەخۆوەیە. هەموو کارەکانی نێو ماڵ بە تاقی تەنیا دەکا, تەنانەت جووت و گاش ئەو دەیکا.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

حەمەد بە داخ و خەفەتەوە گوتی:

"کالایجی ون بوو. پێم وایە پەلەم کردو نەم هەنگاوت."

پاشان بانگی کرد:

"کالایجی... ئەگەر تۆسقالێك پیاوەتیت هەیە, وەرە پێش. مەترسە, سەگی عەلیسەفابەگ, پیاوکوژ, حەرامزادە. وەرەپێش..."

جەباریش نەڕاندی:

"پێت وابوو لەبەرت هەڵدێین؟ ئەگەر پیاوی وەرە پێش."

لەولای ڕا جوابێك نەبوو.

تاوێك دواتر لەچواردەوریان دەنگی تەقە بەرز بوو.

حەمەد پێکەنی:

"کالایجی غیرەتی هاتەوە بەر. ئێستا نیشانت دەدەم."

هەتا نیوەشەوێ شەڕی کرد.

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

